# لە سەنگەرگیریەوە بەرەو سازان

کاتێک کە سۆسیالدیموکراتەکانی سوێد لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩١ دا دەستەڵاتی حوکمەتیان لە کیس چوو ئەوە لە ساڵی ١٩٢٨ـەوە یەکەم جار بوو کە پارتی لە هەڵبژاردنێکی گشتییدا ٤٠٪ (چل لە سەد) کەمتری دەنگەکان وەدەست بهێنێت. ئەمڕۆ گەلێک کەس هەن دەپرسن کە ئاخۆ ئەو دۆڕاندنە لەو هەڵبژاردنەدا بریتی بێت لە کۆتایی سەردەمێک، یاخود ئەگەر پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێد (SAP) بتوانێت دووبارە ببێتەوە بە هێزێکی سیاسیی سەرەکیی لە سوێد. لێتوێژینەوەیەکی مێژوویی ناتوانێت وەڵامی پرسیارێکی وا بداتەوە. جۆرێک لە کۆمەک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە کە ڕەنگە دەستمان بکەوێت کاتێک کە سەبارەت بە ئاییندە بیردەکەینەوە ئەوەیە ئەگەر بتوانین باشتر تێبگەین کە ئەم سەردەمە مێژووییە تایبەتیە چۆن دروست بوو. ئەم لێتوێژینەوەی من سەبارەت بەوەیە: شکۆفەی پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێد وەک پارتێکی لە حوکمەتدا بوو.

لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٣٣ دا حوکمەتێکی کەمینەی سۆسیالدیموکراتیی پاش گفتوگۆی درێژ توانی لەسەر سیاسەتی ئابووریی لەگەڵ یەکێک لە پارتە بورژواییەکاندا، کۆمەڵەی جووتیاران، بگاتە ڕێککەوتنێک. بڕیارەکە سازشێک بوو کە تیایدا جووتیارەکان ڕازی بوون بەوەی کە کرێکارانی بێکار بارودۆخی باشتریان هەبێت بەرانبەر بەوەی کە سۆسیالدیموکراتەکان پشتگیریی لە کشتوکاڵکاران بکەن. گرووپێک لە ناو پارتی بیری ئازاددا (کە ساڵی ١٩٣٤ لەگەڵ پارتێکی لیبرالی دیکەدا فۆلکپارتیەتیان دامەزراند) کەوتە دژایەتی خەتی پارتەکەی خۆی و چووە ڕیزی "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی قەیرانەوە krisuppgörelsen"[٢].

تا ئەم سازانە سۆسیالدیموکراتەکان (لە پاش ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی ١٩٣٢ دا هێزیان بە خۆیاندا هاتەوە) بە ساکی بەستراوەوە حوکمیان دەکرد، و هەمیشە لە ئامادەباشییدا بوون حوکمەت بە جێبهێڵن ئەگەر بێت و پارتە بورژواکان بکەوتنایە سەنگەرێکی هاوبەشەوە. لەو ڕێککەوتنەوە بۆ نەهێشتنی قەیران، سۆسیالدیموکراتەکان، هەتا ئەمڕۆکە [ساڵی ١٩٩٢]، هەرە ڕۆڵی ناوەندیان لە هەموو بڕیاردانە سیاسیەکاندا گێڕاوە. ساڵی ١٩٣٦ ساڵێکی گەورەی سەرکەوتن بوو بۆ سۆسیالدیموکراتەکان - زیاتر لە ٤٥٪ (چلوپێنج لە سەد) دەنگیان هێنا. لەو دەمەوە، بە بەردەوامیی لە چل ساڵدا، حوکمەتی سوێد لەلایەن سەرۆکوەزیرانێکی سۆسیالدیموکراتەوە بەڕێوە براوە. بەشێکی زۆری ئەو کاتە پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێد تەنا پارتێکی حوکمکار بوو. هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن سۆسیالدیموکراتەکان هەمیشە نزیکەی نیوەی هەموو دەنگەکانیان وەدەست دەهێنا و هەندێک جاریش زیاتر لە نیوەش. ئەم دەستەڵاتگیریەی پارتی شتێکی دانسقەیە، نە هەر تەنها لە سوێد بەڵکو تەنانەت لە ناو وڵاتگەلی دیموکراتی جیهانیشدا.

لە ساڵانی ١٩٢٠ کاندا شتێکی زەحمەت بوو مرۆڤ بتوانێت گەشەیەکی ئاوا لەو شێوەیە ببینێت. چەسپاندنی مافی دەنگدانی گشتیی لە هیچ شوێنێک نەبوو بە مایەی ئەوەی پارتگەلی کرێکاریی هەمیشە هەر لەسەر حوکم بمێننەوە. لە سوێد، هەروەکوو لە شوێنگەلی دیکەش، سۆسیالدیموکراتەکان تەنها دەیانتوانی وەک بەشێک لە هاوپەیمانیەکی ناسک (قابیلی شکان) یان وەکوو حوکمەتێکی کەمینەی بێهێز حوکم بکەن. ساڵی ١٩٢٠ و ١٩٢٨ سۆسیالدیموکراتەکان لە هەڵبژاردنی پارلەماندا سەرنەکەوتن. بزووتنەوەی کرێکاریی بەش بەش و هاوکاتیش نادڵنیا بوو کە کام ڕێگایە هەڵبژێرێت.

لە ساڵانی ١٩٣٠ کاندا لە ئورووپا خەتی گەشەی جیاواز پەیدا بوو. لە زۆر شوێن پارتگەلی فاشیستیی هاتنە سەر حوکم و لە بزووتنەوەی کرێکارییان دا. لە هەندێک شوێنی دیکە پارتگەلی کرێکاریی بە شێوەی خۆیان بەردەوام بوون، بێ ئەوەی بتوانن حوکمەتی خۆگر و بەهێز دابمەزرێنن. بەڵام سۆسیالدیموکراتیی سکاندیناڤیا لەو دەیەیەدا هەموو گورزەکانی خۆی وەشاند. سۆسیالدیموکراتەکان بوون بە پارتی سەرەکیی ناو پارلەمان، توانیان ڕێککەوتننامەی گەورە ڕێک بخەن و بە پێی پێوەندیەکانی ئەو دەمیش حوکمەتی بەهێز دابمەزرێنن.

چارەسەری پارتگەلی سۆسیالدیموکراتی سکاندیناڤیا بۆ بزووتنەوەی کرێکاریی لە قەیرانی نێوان ساڵانی جەنگدا بوو بە پێشنموونەیەک بۆ گەلێک لە سۆسیالیستانی وڵاتانی دیکە. "مۆدێلی سوێدی" بە نموونەیەکی دانسقە و کامڵی ڕێگای سێهەم دادەنرێت، لە نێوان ئابووریی پلانبۆکراو و بازاڕی ئازاددا.

لێتوێژینەوەکەی ئەم دوکتۆرانامەیە سەبارەت بە سەرکەوتنی پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێدە وەک پارتێکی حوکمەتدار. چۆن پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێد گەیشتە "کامڵبوونی حوکمەتداریی"، ڕێگای گەیشتن بە دەستەڵات چۆن ڕۆیی؟

**٢. ڕووانگە لە ئەدەب [ی پێوەست بە سۆسیالدیموکراتیی]**

دۆخی هێزداریی سۆسیالدیموکراتەکان دیاردەیەکی مێژووییە کە نێونەتەوەییانە لێی دەڕووانرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پرسی سەبارەت بە سەرهەڵدانی سەردەمی سۆسیالدیموکراتیی لە لێتوێژینەوەی مێژوویی سوێدیدا نەبووەتە جێی سەرنج. وەڵامی بەدیقەت لەلایەن سیاسەتناس و کۆمەڵناسی وەکوو هێربەرت تینگستن و لەیف لەڤین و ڤاڵتەر کۆرپی و یۆران سەربۆرنەوە دراونەتەوە. گیروگرفتی بڕینی قۆناخ لە سەردەمی سەرەتادا بووە بە جێی ئارەزووی لێتوێژینەوە لە ناو ڕیزی مێژووناساندا. بەڵام بڕینی قۆناخی سوێدیی، بە سەرئەنجامەوە لەسەر جیهانیش، نەبووە بە ئەرکێکی لێتوێژینەوەی ناوەندگیر. ئەو پرسیارە بە دەگمەن وەکوو خاڵێکی دەستپێک لە لێتوێژینەوەیەکدا وەک گیروگرفتێکی ئەزموونیی کۆنکرێت کراوە. شتی وا چۆن دەبێت؟

**نەریەتکانی بزووتنەوەکە**

لە ناو ماوەیەکی دوورودرێژدا نووسینەوەی مێژوو سەبارەت بە دوو شاخەی بزووتنەوەی کرێکاریی بوو، کە بە پلەی یەک ڕوو بە بازنەیەکی خوێندەواری چالاکی سیاسیی بوو. هەردوو ئەم شاخەیە لە لایەن نووسەرانێکەوە دەناسێنرا کە خۆیان لە ناو ئاراستەگەلی بزووتنەوەی کرێکارییدا دەدۆزیەوە. نەریتێکی سۆسیالدیموکراتیی، و دانەیەکی کۆمۆنیستیی هەبوو.

ئەم نەریتە مێژووییە سیاسیانە درێژە و بەردەوامیی زانستیی خۆیان هەبوو. سنوورێکی تیژ لە نێوان ئەدەبی بزووتنەوەکە، زانستی گشتیی و لێتوێژینەوەی ئەکادیمیدا نەبوو.

تەنانەت لە ناو ئەوەشدا کە زیاتر ئەدەبی زانستیی بوو ڕیزێک هەڵوێست هەبوون، کە بە بیر و هەڵوێستی سیاسیی ڕەنگ دەکران. نووسینەوەی مێژوو دەچووە ناو بازنەی بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیی بزووتنەوەی کرێکارییەوە. هەندێک پرسیار هەرگیز لێیان نەدەکۆڵرایەوە. هەندێک چەمک بەگیروگرفت نەدەکران و تاووتوێ نەدەکران. بەشی زۆر زنیاری سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاریی لە بەرهەمەکانیدا هەبوو، لە زوونێکی بۆردا لە نێوان ئایدیۆلۆژیی سیاسیی و زانستدا.

لە ناو هەردوو ئاراستەکەدا گەشبینیەکی گەورە بۆ گەشە هەبوو، نزیکەی لە ئاستی پێوابوونێکی مێتافیزیکیدا سەبارەت بە هەبوونی ئەرکێکی مێژوویی. ئەم ڕووانگانە لە نەریتێکی سۆسیالیستیی هاوبەشەوە سەرچاوەیان دەگرت. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی لە ناو سەردەمێکدا سەری هەڵدا کە بیری پێشکەوتنخوازیی و گەشبینی گەشەکردن بڵاوبووبوونەوە. سۆسیالیستەکان خۆیان بەست بە بیری پێشکەوتنخوازییەوە. بزووتنەوەی هەر لایەک ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شان بوو، کە بۆ ئەوە هاتبوو سۆسیالیزم بهێنێتە دی.

لە نەریتە سۆسیالدیموکراتەکەدا "سۆسیالدیموکراتیی" بوو بە سوبجێکتە (خودە) مێژووییەکە و ماڵی گەل یشی مۆرکی ئامانجی پێوە نرا. لە کارگەلی بیرەوەریی و پیاداهەڵداندا دروشمی "ئێمە چۆن وڵاتمان ئاوەدانکردەوە" دەبینرێت. بەڵام هەروەها لەو ئەدەبەشدا کە بۆ جەماوەرێکی زانستیی دەنووسرا بە زۆریی بێتواناییەک هەبوو کە نەدەتوانرا خۆ لە هەڵوێستی ڕەنگاوڕەنگی ئایدیۆلۆژیانە دووربگیردرێت. چەمکی گرینگی وەکوو "سۆسیالدیموکرات" و "هاوکاریی سەندیکایی - سیاسیی" ڕەخنەگرانە تاوتوێ نەکرا. بەو شێوەیە مێژووەکە بوو بە مێژووی لەلایەن "براوەوە" نووسراو، لەوێدا ڕێگای سۆسیالدیموکراتیی و شکۆفەکردنەکە (سەرکەوتنەکان) وەک سرووشتیی و پێویست دەخرایە بەردەست، کە لێکدانەوەیەکی "گەشەی بە پلە" (ئیڤۆلیوسیۆنیانە) بوو. نموونەی خوێندن لەم جۆرە نەریتەدا کتێبەکەی یۆرگن ڤێستەرتهۆڵە سەبارەت بە بزووتنەوەی سەندیکایی و لۆتا گروێنینگ Lotta Gröning سەبارەت بە گەشەی ئۆرگانیی پارتی سۆسیالدیموکراتی کرێکاریی سوێدیی. تەنانەت لە ناو ئەدەبی نێونەتەوەییشدا ئاراستەیەک هەیە کە کار و کردەی سەندیکایی بە پرۆسەیەکی سرووشتیی فێربوون دادەنرێت، بە خۆگونجاندنێکی ئاقڵانە و تا ڕادایەک بێ کێشە لەگەڵ "گەشەکەدا". لە دکتۆرانامەکەمدا لە چەندین دەرفەتدا ئەم جۆرە لێکدانەوە "سرووشتیانە" و "گەشەی بە پلە" یە شەن و کەو دەکەم و ئاماژە بە کێشەی دووپاتبوو لە ناو بزووتنەوەی کرێکارییدا دەکەم کە چۆن لە واقیع تێبگەیرێت و کامە ستراتیژیی هەڵبژێردرێت.

نووسینی مێژووی مارکسیست - کۆمۆنیستیی پێی وابوو کە ڕێگای ڕووەو کۆمەڵگای باش، [واتا] کۆمەڵگای چینی کرێکار، هێشتا پێی نەگەیشتراوە. ئەو گۆڕانکاریانەی لە ساڵانی ٣٠ کاندا ڕوویاندا [بە ڕای ئەمان] "سۆسیالیستی" نەبوون. شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووی ساڵانی ١٩٠٠ لە ئیتوپیایەکی کۆمەڵگاییەوە سەرچاوەی دەگرت، شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستیی. لەم نەریتەیاندا "چینی کرێکار" و "بەرژەوەندی چینی کرێکار" ڕۆڵی سوبجێکتی مێژوویان پێ دراوە. سیاسەتی سۆسیالدیموکراتیی وەکوو دەربڕینێکی ئەم بەرژەوەندییە نەدەبینرا. ئەرکێکی گرینگی لێتوێژینەوە بۆ مارکسیستەکان بوو بەوەی تێبگەن ئەم مەسەلەیە چۆن هەڵەی تێ کەوت، بۆچی چینی کرێکار وای لێهات کە لەلایەن "ڕیفۆرمیستگەلەوە" بەڕێوە ببردرێن، نەک لە لایەن "شۆڕشگێڕانەوە". لەبەرئەوە سەرنج خرایە سەر ئەوی لە ناو چینی کرێکاردا بە شکۆفەی ڕیفۆرمیزم دادەنرا. لە جیاتی ئەوەی سەرنج بخردرێتە سەر سەرکەوتنی سۆسیالدیموکراتیی لە سیاسەتی سوێدیدا. وا دانرا کە ڕیفۆرمیزم لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیی هەمیشە ماودا بووبێت بە هۆی ئاوێتەکردنێک.

سیپۆ هێمتلێ ڕیفۆرمیزمی بە پەیدابوونی ئەریستۆکراتیەکی کرێکاریی ڕوون دەکردەوە، هاوکات کە سونە سونەسۆن تیئۆریەکی دەوڵەت دۆستانەی ئەڵمانیی هەبوو و پێی وایە شکۆفەی ڕیفۆرمیزم سەرئەنجامی "ناوەفاداریی" و "پەتای برژوازیی" سەرۆکە کرێکاریەکانە. ئۆێستباری Östberg پێی وایە کە لە ناو سەردەمێکدا، کەمێک پێش ڕوودانی جەنگی جیهانیی یەکەم ئاوێتەبوون [لەگەڵ بەری ڕاست] و بە برژوازیکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی بەتایبەتی خێرا ڕووی دەدا.

چەمکی ڕیفۆرمیستیی لە نەریتی مارکسیستیانەدا هەمان لاوازیی تێدایە کە چەمکی "سۆسیالدیموکراتیی" - ش لە نەریتی گەشەی بە پلەی سۆسیالدیموکراتیانەدا هەیەتی. [لە هەموو ئەمانەدا] ئێمە ئامرازی باشمان بۆ جیاکردنەوەی جۆری جیاوازی "ڕیفۆرمیزم" (سۆسیالدیموکراتیی) لە یەکتر دەست ناکەوێت.

لێتوێژەری نێزیک بە سۆسیالدیموکراتیی بە زۆریی لە نەریتێکی ئەزموونگەریی بەهێزدا کاریان دەکرد، هاوکات زۆر مارکسیست هەوڵیان دا پرسیارە مێژووییەکان بە ڕێگایەکی تیئۆریی وەڵام بدەنەوە. بیرێکی وا هەبوو کە ئەگەر مرۆڤ لە ڕووانگەی شیکردنەوەی ڕێساگەلی گەشەی کۆمەڵگاوە پێ هەڵبگرێت دەتوانێت نەک هەر نووسینەوەیەکی زانستیانەی مێژوو بساختارێنێت، بەڵکو هەروەها سیاسەتێکی زانستیانەش. ئیتوپیای کۆمەڵگا لەگەڵ ئومێدگەلی ئیتوپیانەی زانستیانە لێک درا. چیدی ئەم پرۆژە زانستییە بە گشتیی وازی لێهێنراوە. دەرکەوت لە تیئۆری و پراکتیکیشدا زەحمەتە کە سەرخان و بنخان پێکەوە ببەسترێنەوە، واتا شیکردنەوەی ئابووریی و سیاسەتی پراکتیک. ئەم سەرنەکەوتنە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی لێکدانەوەی "بەرژەوەندی چینی کرێکار". بەرژەوەندی چینی کرێکار بە زۆریی نارۆشن و لێڵە، و بە دەگمەنیش نییە کە ڕاستەوخۆ مەنتیقیانە دژ بەیەک بن. ناتوانرێت هاوکات هەموویان پێکەوە گرێ بدرێن. ڕێکخراوگەل، سەندیکایی و سیاسیی، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن لە مانایەکی ساکاردا بەرژەوەندیەکان "گرێ بدەن" و چینەکە "بەهێز" بکەن. لە جیاتی ئەوە مەسەلەکە سەبارەت بەوەیە لە نێوان ئەو بەرژەوەندیە جیاوازانەدا چی بکرێت. ڕێکخراوگەلەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لەم دۆخە هەڵبژاردنە ستراتیژیانەدا هەیە. کلاس ئۆمارک ئەو هەڵبژاردنە ستراتیژیانەی خوێندووە کە سەندیکاکان و خاوەنکارەکان هەڵیانبژاردووە. ئەو پێی وایە کە پێوەرە مارکسیستیە کۆنەکان خۆگر نین چونکە تەنها زەمینە بە هەڵبژاردەیەکی ستراتیژیی سەندیکایی دەدەن، [واتا] ستراتیژیەکی هەڵمەتی چینایەتی. ئۆمارک مەبەستی ئەوەیە کە کرێکاران (هەروەکوو خاوەنکاران) دەتوانن ستراتیژیی خۆیان بە شێوەیەک دابڕێژن بە پێی جۆرێکی دیکە لە ئەقڵانێتی [واتا] بە قەولی ماکس وێبەر کۆمەڵگاناس و مێژووناسی ئەڵمانی، بە پێی - "حیسابێکی درێژخایان".



**ڕێبوار ڕەشید**

**لە سوئێدیەوە کردوویە بە کوردی**

سەرچاوە: هەڵوێست

٢٠٠٨/٦/٢٩

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز:

ڕێکار ئەحمەد

# چەند پەیڤێک لەسەر ژینگە پارێزی

## بەشی چوارە م:

## دەنگە دەنگ و ژاوە ژاو

ژاوەژاو،دەنگی بەرز و ناخۆش بە هۆکارێکی گرنگی ژینگە پیش بوونی دادەندرێ، ئای کە چەندێ ناشیرن و ناخۆشە کە هێمنی شار و شوێنە گشتیەکان بە هۆرینی ئۆتومبێل و هاژەی فرۆکە و هارە هاڕی کۆمپیوتەر و مۆلیدە تێک بدرێ و مێشکی خەڵکی سقێل و دوکاندار و فەرمانبەر و خوێندکار و نەخۆشخانەکان ئاڵۆز بکرێ...لێکۆڵینەوە زانستیەکان لە ئەنجامی پشکنینی گوێچکەی کۆمەڵێ گەنج ئەوەیان سەلماندووە کە گوێ گران بوون یاخوود کەڕ بوونی ئەو گەنجانەی لەئاکامی گوێ گرتنی زۆر و بەردەوامی ئەوان بووە لە دەنگی مۆزیکە بەرزەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە ئیقاع و تەپڵێکی زۆر گەورەی تێدایە..ئەو گوێ گرانی و کەڕ بوونە شوێنەوار و کاریگەری خراپی دەروونی و جەستەی لەلای ئەو گەنجانە دروست کردووە لەلایەک لە ڕووی دەروونیەوە تووشی خەمۆکی و دڵەراوکێیانی کردووە بەهۆی بیرکردنەوەی بەردەوام لەو نەخۆشیە،لەلایەکی دیکەوە زیانی لە ئاستی زانیاریەکان داوە،چونکە گوێ گرانی زۆر کات دەبێتە هۆی کەم وەرگرتنی زانیاری لەبەرامبەرەوە...هەر لەبەرئەوەشە کە زانایانی بواری ژینگە پارێزی گرنگی یەکی زۆر دەدەن بە نەهێڵانی ژاوەژاو،یاخود کەم کردنەوەی دەنگی بەرز و ناخۆش لە شوێنە گشتی و سقیلەکاندا لە پێناوی دروست کردنی ژینگەیەکی کپ و هێمن...ئەو پێشەکی و پانۆرامایە وامان لێ دەکات کە پێویست بکات(دەنگ)وەکو خۆی لە رووی زانستیەوە شیکار بکەین و شوێن و کاتەکانی بەکارهێنانی ئەو دەنگانە و بری بەرزی و نزمیان دیاری بکەین،لەگەڵ کاریگەری یە ترسناکەکانی دەنگی بەرز لەسەر مێشک و کۆئەندامی دەمار و هەستەکانی مرۆڤ...دەنگ کۆمەڵە لەرینەوەیەکە کە لەئەنجامی بەریەک کەوتنی دوو تەن یاخود لەئەنجامی چەند کارلێکێکی فیزیکی بەرز دەبێتەوە..سروشتی بڵاوبونەوەکەشی بەشێوەی شەپۆلی بازنەی یەوە بڵاودەبێتەوە لە ژینگەکەی دەوروبەریدا،بوونی هەواش هۆکارێکی گرنگە بۆ بڵاوبونەوەی ،چونکە دەنگ لە شوێنێکی بۆشای واتە بێ هەوا ناروات و بڵاونابێتەوە باشترین نمونەش(سەرمانگ)ە کە مرۆڤەکان بەئامێری لاسلکی لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن...لە ڕووی زانستیەوە(٣جۆر) شەپۆل هەیە و بەپێ ی جۆرەکانی مرۆڤ دەتوانێ هەست بەبوونی یان نەبوونی یان بەرزونزمی دەنگەکان بکات.

١)شەپۆلە سادەکان:ئەمانە کۆمەڵە شەپۆلێکی سادە و ڕێکن کە لەرینەوەکانیان بەردەوام و لەسەرخۆن،کاریگەری خراپیان نی یە لەسەر پەردەی گوێ و دەمارەکان.چونکە گوێچکەی مرۆڤی ئاسای توانای بیستنی (٢٠)هەتا(٢٠٠٠٠)هێرتزی هەیە(هێرتز:واتە یەکەی پێوانەی خێرای و لەسەر خپیی دەنگ).

٢)شەپۆلی لێکدراو:شەپۆلەکان لێرەدا تێکەڵ و ئاڵۆزکاو دەبن بەڵام هەر دەنگێکیش ڕێرەوی خۆی بەرناداو بەردەوام دەبێت،بۆیە لێرەشدا نارێکی زۆر نابسترێ،هەرچەندە تێکەڵاوبوون لە دەنگەکاندا هەیە بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤەکان سەرقاڵی قسە گۆڕینەوەن شەپۆلەکانیش زۆر بەرز نین کاریگەری زۆر خراپیان نێ یە،وەکو ئەو دەنگ و قەرەباڵغی یەی کەلە بانکەکانداهەیە یان هۆڵی سیمنار و وانە بێژیدا دروست دەبن.

٣)ژاوەژاو:ئەم جۆرە دەنگ و شەپۆلانە زۆر بەنارێکی تێکەڵاو دەبن لە شێوەی دەنگی کۆمەڵێ ئامێری مۆزیکی دەنگ بەرز کەچەند کەسێکی نەزان هەر لەخۆیانەوە پەنجەیان پێوەبنێن لە شوێنێکی داخراو بزانە چی هەرا و فەوزایەکی ناخۆش دروست دەکات...ئەم جۆرەیە کە دەبێتە هۆی تێک دانی ژینگە و بێزارکردنی ئادەمیزاد،چونکە شەپۆلە دەنگیەکان هیچ یاسایەک پێکەوەیان گرێ نەداوە و زۆر بەنارێکی و بەرەڵاییانە دەگەنە گوێی خەڵکی ...زانایان پێوەرێکیان بۆ توانای بیستنی پەردەی گوێ داناوە کەپێ ی دەڵێن(دیسیبڵ)،مرۆڤی ئاسایی دەتوانێ هەتا (١٢٠پلە)ی دیسیبڵ دەنگ وەرگرێ بەبێ هیچ زیانێکی جەستەی یان دەروونی،بەڵام بەرزبوونەوەی ئەو پلەیە کاریگەری زۆر خراپ دەکاتە سەر (پەردەی)گوێچکە و تووشی ئازاری دەکات،وە لەبەرئەوەی لە نێوان پەردەی گوێچک و مێشکی مرۆڤدا ماوەیەکی زۆر لەم هەیە.بۆیە دەبینین یەکسەر مرۆڤەکە تووشی سەرئێشە و دەمار گرژی و توورەبوون دەبێ،ئەمە سەرەڕای دروست بوونی برین یاخود سووربوونەوە و هەوکردن لە پەردەی گوێچکە.لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربارەی (ژاوەژاو) و دەنگی بەرز کەلەلایەن(دکتۆر صباح محمود و دکتۆر حیدر عبدالرزاق)ە وە پێشکەش کراوە و پشتیان بەستووە بە چەندین سەرچاوەی ئەمەریکی و ئەورووپی،دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە تووشی سەرئێشە یاخود دەمارگیری و هەڵچوون دەبن کاریگەری دەنگی بەرز هەیە لەسەریان یاخود لەکات و ساتێکی رابردوودا کاری کردۆتە سەر دەمار و پەردەی گوێچکەیان.ئەوان لەبابەتەکەیاندا پێوانەی دەنگەکانیان نوسیووە،هەر لە دەنگی (پێ و دەرگا و ئۆتومبێل و چەکوشکاری)...هەتا دەگاتە فرۆکەکان و موشەک و تۆپ و..هتد). بەپێ ی ئەو خشتەیە بێت زۆربەی دەنگەکان بەرزن و لەئاستی پێوانەیی تێپەریان کردووە و زیانێکی زۆر لە ئادەمیزاد دەدەن...ئەوان لە لێکۆلینەوەکەیاندا زۆر بەوردی و دوورو درێژی باسی چۆنیەتی کاریگەری دەنگەکانیان کردووە لەسەر کەڕ بوون و لەکار کەوتنی هەندێ دەمارۆچکە ناو سەری مرۆڤ و کونبوون و برینداربوونی پەردەکانی گوێچکە،لە وێشدا راوبۆچونی چەندین پزیشکی تایبەتی ئەو بوارەیان وەرگرتووە و لایەنە ترسناکەکانی (ژاوژاو)یان بە شێوەیەک ڕوون کردۆتەوە کە هیچ کەمتر نی یە لە ترسناکی پیس بوونی ئاو و هەواو کاریگەری یە خراپەکانیان،بە تایبەتی کاتێ مرۆڤ لە شوێنێکدا خەوتووە یان نەخۆشە،دەنگێکی بەرز لەناکاو رای دەچڵەکێنێ،ئەوا نەک هەر کار لە گوچکە و دەمارەکان دەکات بەڵکو ڕەنگە مرۆڤەکە تووشی شێتی یاخود جەڵدە یان دڵ راوەستان بکات،..هەر لەبەرئەو هۆکارانەیە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان گرنگیەکی یەکجار زۆر دەدەن بە ژیانی هاوڵاتیان و ژینگەیەکی هێمن و ئارامیان بۆ دابین دەکەن،هەروەها خەڵکی ئەو وڵاتانەش بۆ خۆیان لە حکومەتەکانیان قبوڵناکەن کە دەنگی فرۆکە و شاحنە و هەندێ شتی دیکە بەشێوەی بەردەوام ژیانیان ئاڵۆزبکات...پزیشکە (ڕووسی)یەکان دەڵێن دەبێ لەکاتی نوستنی مرۆڤدا هیچ دەنگی لە (٣٥پلە)ی دیسیبڵ) تێپەر نەکا چونکە لەلایەک خەوی لێ ئاڵۆز دەکات لەلایەکی دیکە مرۆڤی نووستوو توانای بەرگی کەم دەبێتەوە دەنگی بەرز تووشی نەخۆشی دەکات...ئەم باسە زۆر دوور و درێژە و یەکجار زۆریش هەڵدەگرێ و لەم لاپەرەیەدا جێگای نابێتەوە بەڵام دەڵێن با دەسەڵاتی ئیداری و لایەنە بەرپرسەکانی هەرێم و عێراق بکەونە خۆ بۆنەهێڵانی ژیانی پڕ لە ئاژاوە و (ژاوەژاو) بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئارام و پڕ لە هێمنی بەگرتبەری سەرجەم ڕێگاچارەکان و بە راوێژ لەگەڵ پسپۆڕەکانی بواری ژینگە ناسی و ژینگە پارێزی.

**ئەسعەد عەلی ئەحمەد**

**ئەندازیار لە فەرمانگەی ئاوی کەرکوک**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com